ئەمشەو بەشیر هاتە خەوم

وتم هەوی !؟

وتی هەوم

وتم بەرێز لێمببووره

هیشتا جیهان چوونی دووره

سلیمانی ، دارو بەردی

چیاو دۆڵ و گردو هەردی

ئامێزانی لە کارایە بۆ پێشوازیت

ئاخۆ ئێستەش بەسەر گردی یاره رازیت ؟*

وتی نەخێر ، نەبا جارێ فایدارێ

تووله سەگێ ،بەرەی هارێ ، یا جلخوارێ

کۆنە جاشێ

تەڕەماشێ

چڵێتێکی موستەشا رێ

هەڤاڵێکی جەردەکارێ

بێتە ناو دیوان و کۆڕم

یا ببێتە هاوسێگۆڕم !

---

- له راسپاردەیەکیدا وتی : هەرچۆنێبوو

به زیندوێتی له بەغدادا هەڵمکرد ، بەلام به مردوێتی

لەناو عەرەباندا هەڵناکەم ! که مردم له گردی مامه یارەی

سلیمانی بمنیژن . داخەکەم رۆژی کۆچی دواییەکەی 1963/6/30

سلیمانی بۆنی خوێنی لێئەهات و قەدەغەی هاتوچۆبوو . بۆیه هەر

له بەغداد له گورستانی شیخ معروف به خاکمان سپارد .هه زار

درووود له گیانی ئەو کورده مەرده پاك و خاوێنه .

کامیل ژیر

سلیمانی : 22-12-2010